# دنیای منداڵان

١٥٠

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە
ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا،
مینا سوڵتانزادە

پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com

# ڕۆژی ئاڵای کوردستان

منداڵە ئازیزەکان! هەموو کاتێکتان پڕ بێ لە خۆشی و هەمیشە بزەو پێکەنین میوانی سەر لێوەکانتان بێ. لە ژمارەی ئەمجارەی گۆڤارەکەماندا دەمهەوێ کەمێک باسی ئاڵا و ڕۆژی ئاڵای کوردستانتان بۆ بکەم.

ئاڵا یەکێک لە هێماکانی ناسینەوەی هەر وڵاتێکە. هەموو وڵاتانی جیهان ئاڵای تایبەت بە خۆیان هەیەو ئاڵای هەر وڵاتێکیش ڕەنگی تایبەت بە خۆی هەیە.

هەرچەندە ئێمە وڵاتێکی سەربەخۆمان نیە، بەڵام خاوەنی ئاڵای تایبەت بە خۆمانین.



ئاڵای کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا



ئاڵای کوردستان لە سەردەمی ئێستادا

مێژووی هەڵکردن و ڕۆژی ئاڵای کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی کە بۆ یەکەم جار لە شاری مەهاباد ئەو ئاڵایە هەڵکراوە، هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا یادی ئەو ڕووداوە دەکەینەوەو جێژن دەگرین. چەند ساڵ لەمەوبەر لە هەرێمی کوردستانیش ڕۆژی ئاڵای کوردستان (١٧ی دێسامبر) بە فەرمیی ناسراوو ساڵانە ئەو ڕۆژە جێژن دەگرن و لەم ڕۆژەدا هەموو شوێنێکی کوردستان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەرازێننەوە.

منداڵە ئازیزەکان! ئێمە هەموومان دەبێ ڕێز لە ئاڵای وڵاتەکەمان بگرینو خۆشمان بوێو هەوڵ بدەین خزمەت بە نیشتمان و گەلەکەمان بکەین، هەتا کوردستانەکەمان ئازاد و سەربەخۆ بێو ئاڵای کوردستان بێتە ڕیزی ئاڵای وڵاتانی جیهان.بە هیوای ئەو ڕۆژە ئاواتی سەرکەوتن بۆ هەمووتان دەخوازم.

**سەرنووسەر**



بنەماڵەی کامکارەکان

**بنەماڵەی کامکارەکان بناسن:**

کامکارەکان بۆ یەکەم جار ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو گرووپێکی بنەماڵەیی دەرکەوتن و گەلێک بەرنامەی جۆراوجۆری هونەرییان لە سنە پێشکەش کرد. سەرپەرستی ئەو گرووپە لە سەرەتاوە مامۆستا «حەسەن کامکار» کە باوکی ئەم بنەماڵەیەو ژەنیاری ڤیۆلۆن بوو دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

ئەندامانی دیکەی ئەو بنەماڵەیە بریتی بوون لە: «هۆشەنگ» ئاکاردیۆن، « بیژەن»گۆرانیبێژ، «پەشەنگ» سەنتوور، «قەشەنگ» گۆرانیبێژو ڤیۆلۆن و هەروەها « ئەرژەنگ» دومەک.

ساڵی ١٣٤٨ کە منداڵەکانی بنەماڵە گەورەتر بوون، گرووپەکەشیان گەورەترو ڕێکووپێکتر بووو کۆنسێرتگەلێکیان لە هەندێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە برد.

ساڵی ١٣٥٠ بەولاوە هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵە، لەوانە هۆشەنگ، بیژەن و ئەرسەلان، بۆ فێربوونی زانستییانەی مۆسیقا چوون بۆ تاران و لە زانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران، دەستیان بە خوێندن کرد «لەو سەردەمەدا، ئەرژەنگ نیگارکێشیی دەخوێند.» دوای ماوەیەک، کامکارەکان لەگەڵ موحەممەدرەزا لوتفی، حوسێن عەلیزادە، پەرویز مۆشکاتیان و چەند کەسێکی تر، دوو تیپی مۆسیقای شەیداو عارفیان دەمەزراند. ئێستاکە ئەم دوو تیپە لە ناودارترین تیپەکانی مۆسیقای سوننەتی ئێرانن و لەگەڵ شەجەریان و شەهرام نازریدا هاوکاریان بووە.

یەکەم کۆنسێرتەکانی ئەم بنەماڵەیە بە ناوی «گرووپی کامکارەکان»ەوە، لە سەرەتای شۆرشی ١٣٥٧ی ئێران، لە وەرزشگای ئازادی و تالاری وەحدەت لە تاراندا بەڕیوەچوو کە پێکهاتبوو لە سێ بەشی سەرەکی: مۆسیقای فارسی، تەک نەوازی سەنتوور لەلایەن ئەردەوانەوەو مۆسیقای کوردی.

لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی ئومێد لوتفیش، کوڕی قەشەنگو موحەممەد ڕەزا لوتفی، کە تاری دەژەنی، هاتە نێو گرووپەکەو ئێستاش ئەم گرووپە بەناوبانگە درێژە بە کارەکانیان دەدەن و چەندین کۆنسێرتو ئالبۆمی جۆراوجۆریان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاو کردۆتەوەو مۆسیقای کوردییان بە جیهان ناساندوە.

ئا: نێعمەت مەلا

لقو چڵو باڵای دارێک بوو بە مشت و مڕیان
لقە درێژەکان گوتیان: ئێمە درێژ و جوانین..
لقە کورتەکان گوتیان: ئێمە پتەوین و دەستی کەسمان ناگاتێ.
لقە ئەستورەکان گوتیان: ئێمە بە هێزینو رەشەبا ناتوانێ بمانشکێنێ...
باڵای دارەکە گوتی: ئەم هەراهەرایە چیە؟ ئەگەر باڵای بەرزی من نەبێ ئێوە لە ژێر پێی ئەمو ئەودا دەپلیشێنەوە... لە پڕ رەگی دارەکە هاتە قسەو گوتی: لە خۆبایی بوون کارێکی باش نیە.. بۆ ئێوە جوان نیە وا لە رووی یەکتردا خۆتان ئاوا هەڵدەکێشن.. ئێوە هەمووتان بە منەوە بەستراونو بە من بەندنو منیش بە زەوییەوە بەستراوم... ئەگەر زەوی نەبێ نە من دەبمو نە ئێوەش دەبن.

**لەتیف هەڵمەت**





# عادەتی بۆڵە کردنو بیانووگرتن زۆر خراپە!

ڕۆژێک دایە گەورەم هاتە ماڵمان ئەو، دڵسۆزو مێهرەبانەو زۆرمان خۆش دەوێ.

بەهۆی خراپیی هەڵسوکەوتمەوە دایە گەورەم لە ئەخلاقە خراپەکانم تێگەیشتبوو. لەوانەیە بپرسن کام ئەخلاقی ناحەز؟ ئێستا بۆتان باس دەکەم:

هەر کە لە قوتابخانە هاتمەوە دەستم کرد بە بۆڵە بۆڵو گوتم: ئەرێ نازانم هەوا بۆ ئەوەندە گەرمە... ئەمن زۆر بێ‌تاقەتو ماندوو بووم، یەکسەر چوومە لای ساردکەرەوە تا ئاومیوەیەک بخۆمەوە بەڵام تێی‌دانەبوو، گوتم: ئەی هاوار ئەمن بۆ ئەوەندە بێ‌شانسم خۆ هیچی تێدا نییە.

دواتر کەمێک فێنک بوومەوەو گوتم: ئەمڕۆ وانەیەکی زۆرم لەسەرەوە تاقەتی نووسینەوەشم نییە، نازانم چی بکەم؟ دەبێ بچمە کلاسی تایبەتیی بیرکارییش، جا ئەوە کێ تاقەتی ئەم هەموو کارەی هەیە؟

ئەرێ دایە ئەو خواردنەت بۆ هێندە بێ‌تامە؟ بۆچی ماستو خەیارت دروست نەکردوە؟

ئەرێ دایە! دایە! دەبێ حەوتووی داهاتوو بچمە جێژنی لەدایکبوونی هاوڕێکەمو هیچ لیباسێکم نییە جوان بێ، ئێستا ئەمن چی‌بکەم؟!

ئەرێ باوکە ئەو ماڵەمان بۆ ئەوەندە کۆنو قەدیمییە؟ ئەمن حەز دەکەم ماڵەکەمان بگۆڕینو لێرە بڕۆین.

شەوێ کە ویستم بخەوم دایەگەورەم هاتە ژوورەکەمو گوتی: هیوا گیان دەتوانین پێکەوە هێندێک قسە بکەین؟ گوتم بەڵێ فەرموو دایە گەورە گیان!

_ دەزانی ئەمڕۆ هەموو هەڵسوکەوتەکانتم دیتو زۆرم پێ خراپ بوون؟! تەنانەت بۆ شتێکی زۆر بچووک گرووت دەگرتو بیانووت دەهێنایەوە؟! کوڕی خۆم خۆ وا نابێ! تۆ دەتتوانی بە باشی کێشەکانت چارەسەر بکەیو



ڕێگەچارەیەکی باشی بۆ بدۆزییەوە.

ئەو شەوە زۆر درەنگ خەوم لێکەوت، چونکە هەر بیرم لەلای قسەکانی دایەگەورەم بوو و بڕیارم دا ئیدی بۆ هیچ شتێک بیانوو نەگرم.

بەیانی کە لە خەو هەستام دایکم ڕۆنی کەرەی لەسەر سفرە دانابوو، لەگەڵ ئەوەی کە پێم خۆش نەبوو، وەک تاقیکردنەوەی تامەکەی، لەگەڵ نانی گەرم خواردمو زۆریش خۆش بوو.

بەڵێ منداڵە خۆشەویستەکان! ئێوە نابێ بۆ هەموو شتێکی ڕۆژانە بیانوو بگرنو لەسەر دایکو باوکتان بۆڵە بۆڵ بکەن!

وەرگێڕان لە فارسییەوە: مینا

# داری کریسمەس

داری کریسمەس دارێکە بۆ جێژنی کریسمەس دەڕازێنرێتەوە. لە بەرەبەری نوێبوونەوەی ساڵی زایینی و کریسمەس دا، لەو وڵاتانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری ڕۆژانەیان ڕۆژژمێری ساڵی زایینی بە کار دێنن و لەو ماڵ و شەقامانە دا کە دانیشتووانەکەی پەیڕەوی ئایینی مەسیحین، ئەم جۆرە دارانە دەبینرێت.

بەکارهێنانی داری لە چەشنی کاج کە هەمیشە و لە هەر چوار وەرزی ساڵ دا سەوزن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی کە تێیدا خەڵک بیر و باوەڕی وا بوو کە داری هەمیشە سەوز مانای بەردەوامی ژیان و ژیانێکی هەمیشەیی دەگەیەنێت، سەرەڕای ئەمانەش لە کۆن دا خەڵک پێیان وابوو بە بوونی ئەم دارانە لە بەر دەرگا و پەنجەرەکانیان ژیانیان لە نەخۆشی و بەڵای سەیرو سەمەرە پارێزراودەبێ.

دەگێڕنەوە ئاڵمانییەکان یەکەم کەس بوون کە داری ڕازاوەی کریسمەسیان بەکارهێناوە کە بە مۆم و کەلوپەلی دیکەی ڕازێنەرەوە ڕازاندوویانەتەوە. دواتریش وڵاتانی دیکەی ئورووپایی هەوڵیان داوە ئەم شێوە دارانە دروست بکەن و لە ماڵ و شوێنە گشتییەکان دا نیشانیان بدەن.

بۆ ڕازاندنەوەی داریش کەڵکیان لە فریشتە و پەری بە هێمای میهرەبانی و باشی و شێوە جۆراو جۆرەکانی بەفر بە واتای وەرزی زستان و

ئەستێرە لە سەر بەرزترین لقی دار، وەک هێمای ڕووناکی لە شەو دا و

زەنگوڵە وەک دەنگێکی ترسێنەر بۆ ترساندنی بێگانەکان، وەرگرتووە.

ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بۆ ئەم بۆنەیە، سوود لە داری ناسروشتی وەردەگیرێت  هۆکاری بە کارهێنانی داری ناسروشتییش دەگەڕێتەوە بۆ:

**یەکەم**

بەکارهێنانی داری سروشتی دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی دارەکان لە سەر زەوی و ئەمەش زیانێکی زۆر بە ژینگە و سرووشت دەگەیەنێت.

**دووەم**

داری ناسروشتی پاک و خاوێنە، کەمتر ناوماڵەکان و دەستمان پیس دەکات.

**سێیەم**

لەبەر ئەوەی کە لە کۆندا بۆ ڕازاندنەوەی دارەکە سوود لە مۆم وەرگیراوە و



ئێستاکەش سوود لە گڵۆپ و چرای کارەبایی وەردەگیرێت، مەترسیی ئاگر کەوتنەوە هەیە، هەرچەندە هەردووکیان مەترسیی سووتانیان لەسەرە بەڵام هەموومان دەزانین داری سروشتی زیاتر ئەو مەترسییەی دەکەوێتە سەری، بۆیە خەڵک هەوڵ دەدەن داری ناسرووشتی بەکاربهێین.

زۆرجاریش خاوەن ماڵەکان ڕێگەیان بە کرێچییەکانیان نەداوە کە داری سروشتی بەکاربهێنن لە ترسی سووتاندنی ماڵەکانیان.

**چوارەم**

داری ناسروشتی دەتوانرێت چەندین جار سوودی لێ وەربگیرێت، واتە دەتوانرێت ساڵی دوواتریش لەو بۆنەیە دا سوودی لێ وەربگیرێتەوە.

**پێنجەم**

دارە ناسروشتییەکان شێوەی جۆراوجۆریان هەیە و لە قەبارەشیان دا جیاوازن. بۆیە هەر خێزانە و بە پێی گەورەیی و بچووکیی ماڵەکەیان دەتوانن ئەم دارانە بکڕن.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا دارە ناسروشتییەکان دەبنەهۆی بەرهەم هێنانی گاز و دووکەڵی کارگە و ناوچە پیشەسازییەکان و لە دوای ماوەیەکی زۆر لە بەکارهێنانیان وەک پاشماوە و زبڵ، فڕێ دەدرێن.

بەڵام دارە سروشتییەکانیش ئەگەر بێت و لە ڕەگ و ریشەیانەوە نەبردرێنەوە ئەوا دەتوانن نەمامی تریان لێوە بەرهەم بێت و بەمەش ڕێژەی گازی ئۆکسیژێن لە ژینگە و سروشت دا زیاتر دەبێت.

**هانا وریا**

## منداڵینە! بە دڵی خۆتان بمڕەنگێن!



سڵاو منداڵەکان!

وانەی ئەم جارەمان تایبەتە بە رۆژانی حەوتوو و ئەو کارانەی دەیکەین:

Days of the week

رۆژانی حەوتوو:

| Monday | Tuesday | Wednesday | Thursday | Friday | Saturday | Sunday |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دووشەممە | سێ شەممە | چوارشەممە | پێنجشەممە | هەینی | شەممە | یەکشەممە |



What day is today?

ئەمرۆ چ رۆژێکە؟

Today is Monday

ئەمرۆ دووشەممەیە

What do you do on Monday?

رۆژی دووشەممە چی ئەکەی؟

I go to school on Monday.

من رۆژی دووشەممە ئەچم بۆ قوتابخانە



I do my homework

من مەشقەکانم ئەنجام دەدەم

I play table tennis

من تێنیسی سەر مێز (پینگ‌پۆنگ) دەکەم

I play football

من تۆپێن دەکەم

I go swimming

من مەلە دەکەم



I watch TV

من چاو لە تیڤی دەکەم

کاوە ئاهەنگەری

# منداڵانی کوردی ڕۆژهەڵات  لە ڕۆژی ئاڵادا!


















# کارجوان

کەژاڵ لەبەر هەیوانەکەوە چاوی لە گوێسوانەکەی رووبەڕوو بڕیوە. زەردەواڵەکان بە ئارامی دێن و دەچن، بە ئاستەم گوێم لە وزەوز و دەنگی باڵیان دەبێ. دەچمە تەنیشتی و بە هێمنی پێی دەڵێم: لە چی ڕاماوی؟

کەژاڵ بە قامکە شووشەکانی ئاماژە بە شانەی زەردەواڵەکان دەکاو دەڵێ:

ئەرێ شیلان! ئەو زەردەواڵانە چۆن دەزانن شتی وا ساز بکەن؟

منیش بە پێکەنینەوە دەڵێم: جا ئەوە چیە. پوورم دەزانێ تەشی بڕێسێ، نەنکم سەرکلاو و گۆرەوی دەچنێ و خاڵم دەزانێ جۆلایی بکا. منیش حەزم لە کامپیوتێرە.

**سەلاح نیساری**



# بڕیاری ڕاوچی

ڕۆژێک لە ڕۆژان لە گوندێکی زۆر خۆشدا بنەماڵەیەک ژیانیان بەسەر دەبرد، پیاوەکە ڕاوچی بوو. ئەو هەموو ڕۆژێ دەچوو بۆ نێو دارستانو گیانلەبەرانی ڕاو دەکرد، بەڵام دیلان زۆری پێناخۆش بوو کە باوکی ئەو گیانلەبەرانەی دەکوشت، چونکە پێی وابوو نابێ گیانلەبەرانی نێو دارستان راو بکرێن.

ڕۆژێکی ساردی زستان باوکی دیلان بۆ ڕاوە کەروێشک بەرەو دارستان وەڕێ کەوت. ئێواری گەڕایەوە ماڵەوە کەروێشکێکی لەگەڵ خۆی هێنایەوە. پێی وابوو دیلان لەو کارەی باوکی خۆشحاڵ دەبێ، بەڵام ئەو دەستی کرد بە گریان! باوکی زۆری پێسەیر بوو، هەر بۆیە لێی پرسی کچەکەم ئەوە بۆ دەگری؟ دیلان گوتی: ئەرێ باوکە تۆ ماندوو نابی ئەوەندە ئەو گیانلەبەرە بێزمانانە دەکوژی؟ تۆ پێت خۆشە کەسێک ئەمن لە پێش چاوی تۆ بکوژێ؟ نازانی بە ڕاوکردنی ئەو گیانلەبەرانە سروشت لە نێو دەچێو جوانیی دارستان نامێنێ! سروشت بەو گیانلەبەرانەوە جوانە نەک بە ڕاو کردنەکانی تۆ؟

کابرای ڕاوچی بیری لە قسەی کچەی کردەوەو دیتی ڕاست دەکا. لە دڵە خۆیدا گوتی ئەو کارەی من هەڵەیە، هەر بۆیە بڕیاری دا چیدیکە گیانلەبەران راو نەکاو تاپرەکەی لە پێش چاوی دیلان شکاند.

**دارشتنەوەی: مینا**



# ئەمن و کتێب

من کتێبم خۆش دەوێ
ناهێڵم لێم دوور کەوێ

دۆستێکی زۆر زانایە
بێدەنگ و زۆر ئازایە

خراپەی لە لا نییە
هەرچی هەیە باشییە

باسی ئێستا و رابردوو
ڕێگەی ڕاست لە داهاتوو

هەمووی ئەو فێرم دەکا
ئازا و بوێرم دەکا

هەر منداڵێک بیهەوێ
لە ژیانی سەرکەوێ

دەبێ کتێب بخوێنێ
تاکوو نەزان نەمێنێ

پەرتووک دۆستی منداڵە
بێ دۆست ژیان بەتاڵە

**تاهیر بۆکانی**



# فێرگەی نەققاشی



# پاسەوانی باش

لە گوندێکدا کێڵگەیەک هەبوو. لەناو کێڵگەکەشدا سەگێک هەبوو. ئەو سەگە پاسەوانی کێڵگەکە بوو. ڕۆژێک چەند مریشک و کەڵەشێرێکی کێڵگەکە بۆ دۆزینەوەی خواردن چوونە دەرەوەی شوێنەکەیان، بەڵام نەیانزانی کە ڕێویی فێڵاوی لە هەموو شوێنێک بۆیان لە کەمین دایە. بۆیە کاتێک ئەوان خەریکی خواردن بوون، ڕێوییەکە پەلاماری دان.

ڕێوییەکە وایدەزانی لە دەرەوەی کێڵگە کەس پاسەوانیان نیە، لەوە بێخەبەر بوو سەگەکە لە هەموو شوێنێک پارێزگارییان لێدەکات. هەربۆیە پێش ئەوەی ڕێوییەکە بتوانێ یەکێکیان بگرێ، سەگەکە خۆی گەیاندە ئەو شوێنە و ڕێویی فێڵبازی لەوێ دوور خستەوە. پاش ئەوە مریشک و کەڵەشێرەکانی بردەوە کێڵگەکە و درێژەیان بە ژیان دایەوە و بڕیاری دا ئەمجارە باشتر لە جاران پارێزگارییان لێ بکات، چونکە ڕێوییەکان لە هەموو شوێنێک هەن.

**پێشەوا مووساپوور**



# سوودەکانی مۆز



داری مۆز ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە وڵاتی هیندوستان هەبووە، دواتر لە ساڵی ١٤٨٢ گەڕیدە پورتوغالیەکان لە کیشوەری ئەفریقاش داری مۆزیان دیتۆتەوەو چەندین ساڵ دواتر لەلایەن ئیسپانیاییەکانەوە بردراوەتە وڵاتانی کیشوەری ئەمریکایی و ئێستاش لە زۆربەی وڵاتە گەرمەسێرەکانی جیهاندا داری مۆز دەچێنن.

سوودەکانی مۆز:

١- چەندین جۆری ڤیتامین لە نێو میوەی مۆزدا هەیە، وەکوو:
ڤیتامین C، ڤیتامین B٣، ڤیتامینB٢، ڤیتامینB١، ڤیتامین A

٢- مۆز بڕێکی زۆری ماددەی پۆتاسیۆم تێدایە کە دژە شێرپەنجەیەو هەروەها بۆ بەهێز بوونی ماسولکەکانی لەش زۆر بەسوودە.

٣- خواردنی مۆز ڕێژەی چەوری خوێن دادەبەزێنێ.

٤- بۆ ئەو کەسانەی تووشی سکچوون دەبن، خواردنی مۆز زۆر بە سوودە.

٥- بە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی قەند «شیرینی» لە میوەی مۆزدا زۆرە ئەو کەسانە کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە نابێ مۆز بخۆن.

## ئایا دەزانن؟



- ئایا دەزانن مرۆڤ لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٢٣ هەزار جار هەناسە دەدا؟



- ئایا دەزانن مێشکی مرۆڤ لە کاتی خەودا دا چالاکترە لەو کاتەی کە چاو لە تەلەڤزیون دەکا؟



- ئایا دەزانن تیمساح ناتوانێ زمانی دەربهێنێ؟



- ئایا دەزانن کانگۆرۆکان ناتوان بەرەودواوە بڕۆن؟



- ئایا دەزانن لە جیهاندا ژمارە جوجکەکان لە مرۆڤەکان زیاترە؟

# ئەمن چیتر شەرم ناکەم



هێمن منداڵێکی ژیرو عاقڵ بوو، بەڵام زۆر شەرمن بوو. جار جارە دەگەڵ دایکی دەچووە بۆ شاری یاری هەمیشە لە لای دایکی دادەنیشت و دەگەڵ منداڵانی دیکە یاری نەدەکرد. هەرچەندە دایکی داوای لێ دەکرد بچێتە نێو منداڵان و یاریان لەگەڵ بکا، بەڵام هیوا بە قسەی دایکی نەدەکرد.

هێمن خاڵێکی قاوەیی لەسەر دەستی بوو وایدەزانی ئەگەر منداڵان ئەو خاڵە ببینن گاڵتەی پێدەکەن، بۆیە شەرمی دەکرد بچێتە نێو منداڵان و یارییان لەگەڵ بکا.

رۆژێکیان دایکی ویستی هێمن بەرێتە شاری یاری، بەڵام هێمن وتی دایە گیان من چیتر دەگەڵ تۆ نایەم بۆ شاری یاری، من نامهەوێ دەگەڵ کەس یاری بکەم، دەزانم هەرکەس ئەو خاڵەی سەر دەستم ببینێ گاڵتەم پێدەکا. دایکیشی لە وڵامدا گوتی هێمن گیان! تۆ نابێ لەخۆوە قسە بکەی، سبەی پێکەوە دەچین بۆ شاری یاری و لەگەڵ منداڵان یاری بکە بزانە گاڵتەت پێ دەکەن یا نا؟

رۆژی دواتر هێمن و دایکی بە یەکەوە چوون بۆ شاری یاری دایکی، هێمنی بردە لای منداڵانی دیکەو ئەوی پێناساندن. یەکێک لە منداڵەکان هاتە پێشەوەو گوتی هەرکاتێک کە دێی بۆ شاری یاری من تۆ دەبینم، لە لای دایکت دادەنیشی. ئەدی بۆچی نایەی لەگەڵ ئێمە یاری بکەی؟ هێمن زۆری پێخۆشبوو و چۆوە نێو منداڵەکان و هەتا درەنگ یاری کردو هیچ کەسیش چاوی لە دەستی نەکرد. کاتێک چۆوە ماڵێ، دایکی پێی گوت هێمن گیان خۆشحاڵم کە ئەمرۆ کۆمەڵێک هاورێی نوێت دیتەوە، هێمنیش بەڵێنی بە دایکیدا کە لەمەوبەدوا بە خاتری خاڵی سەر دەستی شەرم نەکا و لە کەسی نەشارێتەوە.

**و. لە فارسییەوە: پەیام**

# منداڵینە ڕێگەی کۆشک بۆ شازادە بدۆزنەوە!






پێشەوا موساپوور




پێشڕەو موساپوور



ڕۆژین ئەسپۆردە



مادیە پەڕ

